# گفتوگۆیەکی کورت لەگەڵ زمناکۆ عەزیز یەکێك لە رابەرانی "دەستەی داکۆکی لە داخوازییەکانی خەڵکی شاری سلێمانی"

**ئۆکتۆبەر: دەستەی داکۆکی لەداخوازییەکانی خەڵکی شاری سلێمانی چۆن پێك هات؟ ئامانجەکانی چیە؟**

زمناکۆ عەزیز: دەستەی داکۆکی لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەریدا کە لەپارکی ئازادی شاری سلێمانی لەسەر بانگەوازی دەستەی داکۆکی لەڕوناکی سازکرا، پێکهات. دەستەی داکۆکی لە رووناکی کە ئەمیش دەستەیەك بوو بەنیازی ئەنجامدانی ڕێپێوانی جەماوەری بوو لەشاری سلێمانی، بەڵام بەهۆی ڕێگرییەکانی وەزارەتی ناوخۆو پارێزگای سلێمانیەوە ئەو ڕێپێوانە نەکرا.

ئامانجەکانی دەستەی داکۆکی هەر هەمان ئەو خاڵانەن کە لە یاداشتنامەکەیدا هاتووە، کە گرنگترینیان داکۆکیکردنە لە خواستی ئازادی بیروڕاو ئازادی نارەزایەتی دەربڕین، ئەمە جەگە لە خواستەکانی تری وەك دابینکردنی ئاو و کارەبا و سوتەمەنیەکانو بنەبڕکردنی گەندەڵیو چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوونو گرانی بازاڕ.

**ئۆکتۆبەر: بەگشتی ڕای خەڵك لەسەر دەستەکەتان چیەو تا چەند پێشوازی لێکراوە؟ وە تائێستا چ کارێکتان ئەنجامداوە؟**

زمناکۆ عەزیز: بەڕای من تائاستێکی زۆرباش خەڵك پێشوازی کردوە لەم دەستەیە، هەر ئێستا هەلسووڕاوەکانی ئەم دەستەیە کە کارەکانی ڕائەپەڕێنن نزیکەی 50 کەسن، یاداشتنامەی دەستەکە لەکۆبوونەوەی پارکی ئازادییدا بەکۆی دەنگو بە چەپڵەڕێزان پێشوازی لێکرا، ئەمە لەکاتێکدا کە نوێنەرانی دەزگاکانی یەکێتی بۆ شکست پێهێنانی ئەو هەوڵە خۆشیان لە شوێنی کۆبوونەوەکە ئامادەبوون. بەشێوازی جۆراوجۆر پێشوازی گەرم لەم دەستەیە کراوەو تائێستا نزیکەی 20 نامەو یاداشتنامەمان بەدەست گەیشتوە کە هەندێکیان ئیمزای دەیانو سەدان کەسی لەسەرە، کە پشتیوانی لەدەستەکە ئەکەن. زیاتر لە 300 کەس ژمارەی تەلەفۆنی خۆیداوە کە ئامادەن بۆ هەرکارێك کەپێیان بسپێردرێت. وە دەنگدانەوەی کارەکانی دەستەکەو کەسەکانی لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنو قەڵس بوونی ئاسایشی سلێمانیو ئیدارەی سلێمانی بەڵگەی پێشوازی گەرمی خەڵکە لەو دەستەیە وئامانجەکانی.

ئێمە لەبەرئەوەی کە یاداشتنامەیەکمان دابوو بە ئەنجومەنی شاری سلێمانیو تائێستا چاوەڕوانی وەڵامی ڕەسمی ئەوان بووین، هیچ چالاکییەکی جەماوەری فراوانمان ئەنجام نەداوە، بەڵام تائێستا چەندین کۆبوونەوەی فراوانی دەستەکە ئەنجامدراوە بۆ دروستکردنی ڕایەکی گشتی لەنێو ئەندامانی دەستەکە سەبارەت بەکارەکانمان، هەروەها چەندین دیداری تەلەفزیۆنیو ڕۆژنامەگەری ئەنجامدراوەو تائاستێکی باش دەستەی ناساندوەو کەسەکانی دەرکەوتون، دەرکردنی ڕاگەیاندنەڕۆژنامەگەریەکانو بڵاوکردنەوەیان بەشێوەیەکی فراوان لەناو شارو شوێنە گشتییەکان، هەڵواسینی لافیتە کە خواستەکانی خەڵکیان لەسەرە لەشوێنە گشتییەکانی بازار (لەنزکترین کاتیشدا لەهەموو گەڕەکەکان هەمان کار ئەنجام ئەدەین) ئەمە جگە لە هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لەدەوری دەستەکە، وە گرنگیدان بەکاری جێگاکانی تریش کە هەر ئیستا لە زەڕایەنو تانجەرۆو چەند جێگەیەکی تری دەرەوەی شارەوە پەیوەندیمان پێوەکراوەو خەریکین کارەکەمان سەرتاسەری ئەکەینەوە. پیوەندی باشمان هەیە لەگەل کۆمەڵەی بەمەدەنیکردنی کەلارو دەستەی داکۆکی لەکەرکوكو ڕانیەو هەولێر. کە ئامادەکاریمان کردوە بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی سەراسەری ئەم دەستەو کۆمەڵانە.

**ئۆکتۆبەر: بۆ ئاینده چیتان بەدەستەوەیە؟ نەخشەکارو بەرنامەی داهاتووی دەستەکەتان چیە؟**

زمناکۆ عەزیز: ئێمە سەرەتای مانگی 10 کۆبوونەوەی فراوانی دەستەکەمان ئەکەینو بڕیار ئەدەین کە کاری گەورەترو گرنگتر بخەینە دەستورمانەوە، چونکە وەرەقەی دەسەڵاتداران و دانیشتن لەگەڵیان هیچی بەهیچ نەکرد، تەنانەت ئەیانەوێ بەشێوازی سەرکوتو زیندانو ترساندن پاشەکشە بەئەندامانی دەستەکە بکەن، من خۆم یەکێك بووم لەوانەی کە گیرام، دنیایەك قسەی ناشیرینو قێزەون کە شایستەی گێڕانەوە نین، لێدانو بازو تاقیکردنەوە بەسەر گیراوێکدا ئازایەتیەکی تیانییە، ڕەفتاری ئاسایشە، بەبیانووی نەبوونی ئیجازە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ڕۆژێ پێشتر منو ژمارەیەك لەئەندامانی دەستەکە لەگەڵ جێگری پارێزگاردا کۆوونەوەمان کردوە.

بۆیە ڕێگای ترئەگرینەبەرو بانگەوازی خەڵك ئەکەین کە لەدەوری خواستەکانمان کۆببنەوە.